چامپیۆنز لیگ .. بۆرشلۆنە بە دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵک لە نیوکاسڵی بردەوە

لە یارییەکانی قۆناغی یەکەمی چامپیۆنز لیگ، یانی بۆرشلۆنەی ئیسپانی لە دەرەوەی یاریگای خۆی بووە میوانی یانی نیوکاسڵ یونایتدی ئینگلیزی.

لە گەمی یەکەمدا، هەوڵەکانی هەردوو یانەکە بەسوود بوون گۆڵ تۆمار نەکرا.

لە گەمی دووەمدا و لە خولەکەکانی 58 و 67 مارکەس راشفۆرد دوو گۆڵی بە بۆرشلۆنە تۆمارکرد دواتر لە خولەکی 90 ئۆنتۆنی گۆردۆن گۆڵکی بە نیوکاسڵ کرد، سەرئەنجام یارییەکە بە دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵک لە سوودی بۆرشلۆنە کۆتاییهات.

لە یارییەکی تریشدا، یانی ئینتراخت فرانکفۆرتی ئەڵمانی رووبەڕووی گەلاتەسەرای تورکی بووەوە و بە ئەنجامی پێنج گۆڵ بەرامبەر گۆڵک بردنەوەی بەسەردا بەدەستهێنا.

بەو ئەنجامانە، ئینتراخت فرا کفۆرت بە سێ خاڵ لە پێشەنگی ریزبەندیدایە و بۆرشلۆنەش لە پلەی 12 دەبینرێت.